کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-8-2007 2:23 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**ئایا هەرمەسوولەکان گەندەڵن یان خەڵکیش گەندەڵە؟ ... ناسر عەزیز هەورامی**

ئێمە پێویستە قسەێیکیش بۆ خوابکەین. هەر نابێت، سەروگوێلاکی حکومەت بکوتین. من ئەم جارە لەکوردستان، بۆم دەرکەوتوە نسبەتێکی زۆری خەلکی کوردستان گەندەڵوو[ خائینن]، خائین بە کەسێک دەوترێت، کەوڵاتەکەی خۆی خۆشنەوێت و، شتێک بکات کە لەزەرەری ولاتەکەی بێت.

من لێرەدا بە خەڵکی کوردستان ئەڵێم، هەتا ئەوان بەوشیوەیە نەزانو، نا مەسوول بن کارەباو ئاوو بە خۆیانەوە نابینن. بێگومانیشم کە خەتای حکومەتی تیانیە، هەرچی حکومەتەکانی دنیا هەیە، بیانهێنن ناتوانن چاری ئاوو کارەبابکەن، . ئەگەر خۆی هەست بە مەسوولیەت نەکا، من لێرەدا بەحسێکی سەرپێییم کردوە وا بۆتانی ئەخەمە ڕوو. ڕاستە ئیمام خومەیینی فەرموویەتی، ئەگەر منالێک لە کونجێکی دنیادا بگری، خەتایئەمەریکاییە، بەلام لەکوردستانیشا هەر منالێک بگری خەتای [هەندی] مەسوولی نامەسوولی تیاییە، لەدزیینیپارەی خەڵکەوە، لەدزینی کارەبای فوولەوە، لەدزیینی کورسی دائیرەکانەوە ... ... ... هتد. بەلام خەڵکیش هەربەهەمان شێوە، گەندەڵوو نامەسسولن.

من لەو ماڵەوە دەستی پێئەکەم، کەخۆمی تیا دانیشتبووم کە کەسی خۆمە، ئەمانە لەهەمووکەس گەندەڵتر بوون.. چۆن؟بەلۆعەیان بەر ئەداییەوە بەبێ ئەوەی ئاویان پێویست بێت، ئەموت بۆچی ئەو ئاوەتان بەرداوەتەوەئەیان ووت، باگونجەکەمان پاک ببێتەوە! جاتوخوا وەرە ئەمانە تێبگەیێنە، کە ئاوێک چۆن پاک ئەبێتەوە، تا ئەگاتە ئەوان ئەوانیش گونجی پێپاک بکەنەوە. تاکار گەیشتە ئەوەی سوێندم لێخواردن، ئەمجارە وابکەن خۆم تەلەفوون بۆ ئاساییش ئەکەم، خۆشم غرامەکەتان بۆ ئەدەم. هەموو جارێک لە وەلاما ئەیان ووت، ئەم حکومەتە بە ئێمە چارناکرێت، منێش لەوەلامدا ئەموت ڕاست ناکەن حکومەت منم تۆیبت ئەوە ئەوانن، خۆ شەقاوەو چەقۆکێش نین ئیمرۆ بە مووەقەت لە سەرەوەن، . ئەمە لەلایەن ئاوەوە، حەوشەی پێئەشۆن بەردەرگای پێ ئەشۆن ... ستیتری زۆر بێمانا، ئیحترامی ئەو ئاوە ناگرن کە سەروەتێکی نیشتمانییە.

لەبارەی کارەباوە، من بێگومانم ئەگەر خەڵکی کوردستان ئەگەر بە گوێرەی پێویستی خۆییان کارەبا بەکار بهێنن کارەبا لەکەس نابڕرێت بەلام من ئەم شتە بجووکەم کردوە، ئەیخەمە بەردەستی بەڕێزتان. من لەم سەفەرمدا سەردانی 117ماڵم کردوە، بێجگە لەماڵی بەڕێز دکتۆر طاهر هەورامی هەرهەموویيان مخالف بوون، ماڵی د. طاهر پێش ئەوەی بچمە ژوورەوە وام زانی کارەبایان نییە کە چوومە ژوورەوە سەیرمکرد تەنها لە هۆڵی دانیشتنەکەیاندا یەک گڵۆپی 60واتییان داگیرساندبوو. بە مەرجێکیش کارەبای مووەلیدەبوو بۆیان هەبوو25 ئەمپێر دابگیرسێنن. ئیتر باقی ماڵەکان 4-5-6 گڵۆپی زیادەیان داگیرساندبوو دەوەرە حسابی بکە، لایەنی کەمەوە 4گڵۆپ حسێب بکە، بزانە ئەو 116 ماڵە چەند کارەبای زیادیان بە کار هێناوە، 116*4=464 گلۆپی زیادە داگیرساوە، زۆربەی ئەم گڵۆپانەش یان60وات یان100وات بوون لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانن گڵۆپی 10وات یان 15وات بەکاربهێنن[کەهەمان ڕۆسناییمان ئەداتێ] کە لە جهاندا ئەوە بەکار دەهێنن کە لە هۆڵەنداییان ئەڵێن گڵۆپی [سپار]بەمانای پاشەکەوت. بابزانین ئەو 116 ماڵی جەند وات کارەبای زیادەیان بەکار هیناوە.

هەر گڵۆپەیش بە 60 وات حساب دەکەین464*60=2784 وات کارەبای لە 116 ماڵدا بە فێرۆدراوە دەوەرە حسابی بکە لەسەر شاری سلێمانی کە نزیکەی 1000000ماڵە.

ئینجا من لێروە داوا لە هاووڵاتیانی ئازیز ئەکەم، ئەم وڵاتی خۆمانە، ئەبێت خزمەتی بکەین، ولاتی کەس نییە ئەوانەی ئێستە کوردستانیان کردوە بە قەشمەر جارێ، خۆیان بە هەوەسی خۆیان تییایا تەراتێن، ئەکەن هەر وانابێت، ئەمە مێژووە مێژوو، ئەوانە گێلن خۆیان چار ناکەنو، تەسلیم بە گەل نابنەوە، نزیکترین دەرس بۆئەوانە سەددام و داروو دەستەکەیەتی. بەسییەتی تۆزێک ڕەحم بە خۆتان و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

31-8-2007 2:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ماڵوو مناڵتان بکەن، با بەرلەحنەتی مێژوو نەکەون، ئەوسا کەس رەحمتان پێناکات، من بۆخوا پێتان ئەڵێمو دڵم بۆتان ئەسووتێت. بیستم وتیان مەسوولێک شەریبکەییکی تورکی خانوی بۆئەکات، تەنها دەرگاکانی 60 دەرگا بای60000دولارە یانی هەردەگاییێک بایی 1000دۆلارە یانی 10 گەڵا باشە ئەم ماجەراییە ئێووە مییللەت بە مێگەل تێئەگەن؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!!!!!!.

یان ئەگەر شتێکتان بە دڵ نەبوو ئەنێرن بۆدائیرەکان[ ئا] ئەو قائمەی ناوانەمان بۆ بنێرن بە هەوەسی خۆتان خەڵک نان براو ئەکەن؟بۆ خەڵک ئینتیفازەی کردوو ئێوەی هێناییەوە بۆ ئەوەی ببن بە کەڵەگا بەسەریەوە. تکاتان لێئەکەم هۆشتان بهێننەوە تابەر شالاوی ئەو میللەتە نەکەووتون. ڕیزو سڵاوم بۆ ئەوکەسەی کە دوای ڕاستی ئەکەوێت ونانی حەلاڵ ئەخوات

مێژووناس
ناسر عەزیز هەورامی
هۆڵەندا/لاهای
n_hawrami@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.